Dengekan

# تاوانی ئێوارەکان


**دیار محەمەد**

deyar_mahamad@yahoo.com





که لەشەوە سورەکانت دەبمەوە

نەپاسەوانێك بەهەناسەمان

دەزانێوو

نەگۆڕ هەڵکەنێکیش دەماندانه

بەر زله

کەلەماچ کردنی ئێوارانێکت دەبمەوە

نەمردنێك یەخەم دەگرێ و

نە کۆچەرێکیش بەرەو لایخۆی دەمفرێنێ

کەلەتاوانی مەیتەرێك دەبمەوە

نەپەپولەیەك دادگایم دەکاو

نەفریشتەیەکیش ئاخ هەڵدەکێشێ

مردن نەیهێشت

پەنجەکانم داگیرسێنم

لەسەر سنگت

تابە شێنەی بسوتێن

مردن نەیهیشت شەوەکانت

ڕەنگی سورکەم

لەسەر شوێن نوێژێکی چلکن

کە لەئێوارەیەکتەوە ئەڕوانم

ناهێڵیت نەزەر هەڵگەڕێت

پیاتا

وەك سەدایەکی کچ

وەك مێرولەیەکی بەتەمەن

وەك مستیلەکەی دەستی دایکت

بەس ئەوان ئەزانن پڕین لەدرۆ

بەس ئەوان  ئەزانن پڕین لە خیانەت

کەچی دەرگاکانمان لەسەر دادەخەن

هەر ئێمە لەلای ئەوان سپین و

ئەوانیش لەلای ئێمە ڕەشن

هەر ئەوان نایەڵن

ملوانکەیەك لە فرمێسکەکانی

دایکێك بدزین

هەرئەوان هێشتیان بەتاوانەکانی

ئەنفالا هەنگاو بنێین

بائێمەش بەجزوی شیرین

زمانیان داخ کەین

نەك ئەوان زمانمان قرتێنن

نا00نا

قەدەر مەهێڵە تۆ ببیە مەیم

با مەیم ببێت بە تۆ

با من لە تۆە هەڵفڕم بەرەو مەملەکەتی

کۆشی ڕەشت نەك ئەو بەئاگردانی

جەهەنەمدا

بتفرێنێنوسینی